


## حکومەت و تابووری پێنجەم

حکومەتی ئێمە لە سێبەری خۆیشی سڵ دەکاتەوە، دیواری نێوان دۆست و دوژمن لەیەکتری جیاناکاتەوە، بەڵام رۆژ دوای رۆژ دیواری نێوان خۆی و جەماوەر بەرزتر دەکاتەوە. کاتێک کابینەی ٤٢ وەزیری راگەیەندرا زۆرێک لە دڵسۆزان رەخنەیان گرت، رێنوێنی حکومەتیان کرد کە نەچێتە ژێرباری داواکانی حزب و باری گران لەسەر شانی خۆی دانەنێ، بەڵام ئەو کاتە حکومەتیچەکان نووسەرە دەربارەکانیان هاندا تا دژی ئەوانە بنووسن کە ئامۆژگاری دڵسۆزانەش دەکەن، دواتر خۆشیان راشکاوانە هەموو رەخنەگرەکانیان بە تابووری پێنجەم لەقەڵەم دا! داوایان لە خەڵک کرد چونکە رەخنەگران بە حکومەتیان گوتووە لە پشت چاوت دوو برۆی قەترانی هەیە لە دژیاندا رابوەستن و وڵات بەدەریان بکەن! ئەو کات حکومەت بەرپێی خۆی نەدەدیت، ئاگای لە هەنگاوەکانی داهاتووی نەبوو، شوکر ئێستا چاوی کراوەتەوە، بەرپێی خۆی دەبینێ، دەزانێ باری سەرشانی قورسەو لە ژێریدا چەماوەتەوە، بۆیە بیری لەوە کردۆتەوە کە هەندێک وەزارەت بە مۆزەخانە بسپێرێ. حەز دەکات ژمارەیەک فەرمانبەری فەل خانەشین بکات، پێیباشە نەسریەو زێدەمافی نابەجێ ببڕێ، بەڵام هێندەی دەیهێنێ و دەیبات مەتەڵەکەی بۆ هەڵنایەت و گرێکوێرەکەی بۆ ناکرێتەوە.

ئەگەر حکومەت دەیەوی لە تراویلکەو وەهمی تابووری پێنجەم رزگاری بێ، ئەگەر حەز دەکات تەمی سەر سەری خۆی بڕەوێنێتەوە، دەبێ ئاوڕێک لە رابردووی خۆی بداتەوە، رێنوێنی و ئامۆژگاری ئەو کەسانە وەربگرێ کە دڵسۆزانە هەڵیان رشتووە. حکومەت ئەگەر دەیەوێ لە ژێر باری گران نەچەمێتەوە، دەبێ چیتر دەستەڵاتی حزب لەسەر خۆی پەسند نەکات، چیتر بودجەی کراوە بە حزبەکان نەدات، روونکاری و شەفافیەت لە کارەکانی خۆیدا پەیڕەو بکات.

ئەگەر حکومەت دەیەوێ چیتر بە تابووری پێنجەم نەیترسێنن، دەبێ جیاوازی لەنێوان کوردستانیاندا نەکات، سیاسەتی هاوێرکاری کۆتایی پێبهێنێ. باشتر وایە هەرچی زووترە دیواری نێوان خۆی و جەماوەر کە حزب دروستی کردووە، برمێنێ.

حکومەتی کوردستان دەبێ ئەو راستیە بزانێ کە دەستەڵاتدارە دیکتاتۆر و بێ تواناکان بۆ مانەوەو مسۆگەرکردنی کورسی دەستەڵات تراویلکەی تابووری پێنجەم دروست دەکەن و گەورەی دەکەنەوە، دەنا کەسانێک کە تەمەنی لاوی خۆیان لە پێناو پێکهێنانی حکومەتی خۆماڵی، بۆ بنبڕکردنی ستەم و چەوسانەوە تەرخان کردبێ، هەرگیز لەسەر حەزو ئاواتەکانی خۆیان نابنە تابووری پێنجەم. حکومەت دەبێ بزانی ئەو گەنج و لاوانەی کە خەون بە سەربەخۆیی و سەروەری نیشتمانەکەیان دەبینن هەرگیز ناخزێنە نێو داوی تابووری پێنجەمەوە. حکومەت دەبێ باش بزانێ کە مرۆڤی ئاسایی و نیشتمانپەروەر هەرگیز رقی خۆی بە حکومەت و دەستەڵاتی میللەتەکەی خۆی هەڵنارێژێ، بەڵام کاتێک دیواری نێوان دەستەڵات و جەماوەر هەڵدەچندرێ، کاتێک حکومەت هێڵی سوور لەبەردەم خەڵکی ئاسایی دادەنێ، ئەوکاتە حزبەکان تراویلکەی تابووری پێنجەم لەسەر سەری خۆیانەوە وێنا دەکەن و حکومەت بەرەو گۆشەگیری و دوورەپەرێزی دەبەن.

حکومەت! من راشکاوانە پێت دەڵێم: تابووری پێنجەم ئەو خۆسەپێنەرو بەرژەوەندخوازو پێگە لەرزۆکانەن کە بینەقاقای بژێویان لە جەماوەر گرتووە، تۆش تەکانێ بدەو کۆتی دیلی دەستی حزب بپسێنە.

**باوکی فلاد**

# رەنجدەرو ئەحمەد بەیەکەوە لە پێشانگایەکدا، کە تایبەت بوو بە ئێش و ئازاری گەنجانی ئێستای کوردستان

لەچاوپێکەوتنێکدا بەرۆژنامەی گەلی راگەیاند ،ئێستا خەریکین کاردەکەین بۆپێشانگایکی گەنجان کەتایبەتە بەسەنتەری ئالا لەشاری هەولێر.وتی کەئەم پێشانگایەی من وئەحمەد بیرۆکەمان بۆداناوە، وەلەم رۆژانەکاری بۆدەکەین و نمایش دەکرێت.هەروەها ئەحمەد نەبەز بۆ رۆژی گەل دوواو وتی؛ ئەم پێشانگایە تایبەتەبەمەعاناتی گەنجان وئەو ئێش وئازارانەی کەگەنجان خۆیان ئیشی لەسەردەکەن. هەردووکیان گلەیی لەراگەیاندنەکان هەیە کە ئەم جۆرە پێشانگایانە فەرامۆش دەکەن، تەنیا راگەیاندنی رۆژی گەل وکوردسات نەبێ کەئامادەبوون لەم پێشانگایە، هەروەها سوپاسی سەنتەری ئالا دەکەین کەهاوکاریمانی کردوە.

لەکۆتاییدا دووبارە سوپاسی ئامدەبوونی پەیامنێری رۆژی گەلیان کردو، هیوای سەرکەوتنیان بۆخواست.



هونەرمەندی دەنگ خۆش (دلێر عەبدولقادر) بۆ رۆژنامەی (رۆژی گەل) دواو چەند زانیاریەکی سەبارەت بە ئەلبومە نوێکەی پێ راگەیاندین، کە بریتی بوو لەوەی، ئەلبومە نوێکەی بریتیە لە ١٠ تراک و هۆنراوەی هەر یەک لە شاعیران ( سەرکەوت رەسوڵ و هەڤاڵ عەلی) وەرگرتووەو بەشێکی ئاوازەکای هی خۆیەتی، راشی گەیاند کە پێدەچی گۆرانکاری لە بەرهەمەکانی بکات و ئینجا ئەلبومەکەی بڵاوبکاتەوە، وەهەروەها گوتیشی: کار بۆح ئەوە دەکەم لەدەرەوەی وڵات کار بۆ سیدیە تازەکەم بکەم و بەشێوازێکی تازە بڵاوی بکەمەوە.

## داوا لەحکومەت دەکەم کە پشتگیریم بکات




بێستون ئەحمەد دەربەندی تایبەت بەرۆژنامەی رۆژی گەل وتی؛ کاروپرۆژەم بەشی سێهەمی ئەبووحەفازەیە کەبەم زوانەدەکەوێتەبەرچاوی بینەران، ئەم بەشە لەگەڵ بەشی یەکەم ودووهەم جیاوازی هەیە، دەنگی ئەم بەشەبەستریۆکراوە، شێوەی گۆراوەو قسەکانم هەمووی بۆمنداڵ وپیروخەڵکە، باس لەرخنەو بابەتەکانی کۆمەڵایەتی دەکات .موسیقاکەی بەشێوازی (I-G) لەلایەن خۆمەوە بۆی کراوە بەشی یەکەمی هەشت مانگی خایاند، دوهەم بەشی حەوت مانگ،سێهەم بەش، سێ مانگی خایاند. لەسەنتەرێک هەمان شێوە(ئەبووحەفازە) دروست کراوە ،بۆئەوەی لەهەموو شوێنێک مونافەسە هەر هەیە .من کارەکانی خۆم کردوە، ئەگەر بەشی سێهەم بکەم بە یەک دەنگ ودوودەنگ، ئەوەبەشی یەکەم ودووهەمم نافرۆشێت.خەڵک لەکۆلیژەکان دەڵێن من ئەبووحەفازەم ،باهەربڵێن، بەڵام بابێت لەبەرامبەری دەنگم بوەستێت ،کەخۆی بەئەبووحەفازەدا دەنێت. من هەندێک دەستکاریم کردوە ،بەس ئەبووحەفاز کەمپیوتەریە، دەناهەمووی دەنگی خۆمە.

## ژوان، بەدەرونگیان،لەگەڵ هەوادارانی ئاشت دەبێتەوە



لەچاووپێکەوتنێکیدا ژوان بەپەیامنێری رۆژیی گەلی راگەیاند؛ لەچەندرۆژیترابەدووبەرهەمی دەرون گیانم کەهی هونەرمەند ژوان سێردینە، بڵاوبوەوە، وتی لەوکلیپە دایکی دەرون ودەرون خۆی تیایدا لەهەندەران بەشداریان کردوە ،لەموزیک ژەنان سەیدئەحمەد رەواندزی وکەماڵ وهێمن حسین بەکیبۆرد بەشداریان کردوە وئەندازیاری دەنگیش ئاکۆعومەر لەستۆدیۆی چوارچرا بۆی کردوە ،لەهۆنراوەی ساجیدە محەمەدە. ئەم کلیپە لەمونتاژ دڵدارجافە،کاری وێنەگرتنی ئەم کلیپە کۆمپانیایک سەربەسوپەرمارکێتی نیوسیتی ئەنجامی داوەوکلیپی بۆکردوە ،لێرەشەوە سوپاسی ئەوکەسانەدەکەم کە یارمەتی وهاوکاریان کردوم بۆئەوکلیپە. وێنەگرتنی ئەوکلیپە،بەشێکی لەشاری هەولێرگیراوەو بەشێکی لەدەرەوەی شار گیراوە ،وتیشی ئەم کلیپە جیاوازی زۆری هەیەلەگەڵ کلیپەکانی ترمدا،گلەیی زۆرم هەیەلەدەزگاکانی راگەیاندن ،کەجیاوازی زۆر نەخەنە نێوهونەرمەندان وبەرهەمی کرچوکاڵ لەیەک جیابکەنەوە.



## خاڵە ئەوراکس دەڵێ

**بەرپرسێک** گوتبووی: یاسای نەوت بە فلسێک ناکرم! بەڵام گرفت لەوەدایە کە ئەمریکیەکان لایەنگری لە ئێمە ناکەن و برادەرانی بەغدا بە هەق دەناسن!

**سیاسەتکارێکی** لای خۆمان گاڵتەی بە قسەکانی عەبدوڵڵا گوول هاتبوو چونکە گوتبووی ئەگەر بمانەوێ بچینە ناو باکوری عێراق! پرس بە ئەمریکا ناکەین و داوای مۆڵەتیان لێ ناکەین . ئەو سیاسەتکارە گوتبووی: ئێستا لەم جیهانەدا مێروولەش بەبێ پرسی ئەمریکا ناتوانی شوێنەکەی خۆی بگۆڕێ!!

**جاران** دەیانگوت" نان کۆکردنەوەی پێ ئاساییەو گاوانی پێ عەیبە. ئێستاش کاکی فەیلەسوف زەوی وەرگرتنی پێ ئاساییەو ئاشکرابوونی پی عەیبە!!

**دەڵێن** بەرپرسی لایەنێک چۆتە بارەگای دەربارو گلەیی لە کەمی بودجە کردووەو راشکاوانە پێی گوتوون: " پێم بەرێوە ناچێ، ئیدی ماندووبووم! بڕیارێک دەربکەن با بگەڕێینەوە باوەشی دایک!!

**شۆفێرێک** دەیگوت: بەنزینخانە نوێیەکەی دەروازەی پایتەخت هەموومانی سەرسام کردووە، بۆ خۆم تێناگەم ئەو بەرپرسە دەستڕۆیشتووە ئەو هەموو هۆتێل و بەنزینخانەو سۆپەرماکێتانەی بۆ چییە؟!

**باسی** بەڕێوەبەرێکیان بۆ کردووم، لە فەرمانگە فەرمان بەسەر کارمەندەکان دەکات و لێیان تووڕە دەبێ، بەڵام لە لەماڵەوە فەرمانی بەسەردا دەکرێ و لێی تووڕە دەبن، کەچی لای برادەرەکانی خۆی هەڵدەکێشێ ودەڵێ نیازم هەیە ژنێکی دیکەش بهێنم!!

**کرێکاری** نانەواخانە بوو، ساڵی ٢٠٠٣ بە قودرەتی قادر دەستی لە گومرگ گیربوو، دوایی لەبەشی مووچە گیرسایەوە، خوا نەیبڕێ ئێستا کۆشکێکی نایاب و سەیارەیەکی نوێ و دەیان دۆنم زەوی هەیە، منداڵەکانی خۆیشی رەوانەی خوێندنگەی نموونەیی دەکات، مانگانە بۆ منداڵە بچووکەکەی گەڵایەک بە باخچەی ساوایان دەدات!!

ROJI GEL

Weekly Newspaper Issued By: Rizgary Party Of Kurdistan-RPK

Mob:07701398499 07301191497

ناونیشان: سلێمانی، گەڕەکی مشیراوا(رزگاری) نزیک گۆڕەپانی هونەر، نووسینگەی رۆژی گەل، ٠٥٣٢١٠٩٢٥٦

پێگەی ئینتەرنێتی
www.rpk93.org

پۆستی ئەلیکترۆنی
info@rpk93.org
rpk93@hotmail.com